بەشی شەشەم

# زانای فەرمووودەناس
# ئيمام ئيبن ماجە

ئيمام ئيبن ماجە ناوی (محمدی كوڕی يەزيدی كوڕی عبدالله ی ماجەی قەزوينيە)بە (أبی عبدالله) بانگ كراوەو بە (ابن ماجە) ناسراوە . وەهەروەها (ماجە) لەقەب و شوهرەتی (يەزيدی) باوكی بووە .
ابن ماجە لەساڵی (٢٠٩) كۆچی لەشاری قەزوين و لەبنەماڵەيەكی خانەدان و نەجيب و ناسراو دا كە خاوەنی پلەو پايەيەكی زۆر بون هاتۆتە دنياوە .
ابن ماجە هەر لەمناڵيەوە دەست دەكات بە خوێندن لە وڵاتی خۆ يدا لە قەزوين . لەسەر دەستی مامۆستای زاناو پايە بەرز (علی كوڕی محمدی تەنافسی) تا مامۆستا تەنافسی وەفات دەكات لە ساڵی (٢٣٣) كە ئەو كاتە تەمەنی ابن ماجە (٢٤) ساڵ دەبێت . بۆيە دوای وەفاتی (علی تەنافسی) دەست دەكات بە گەڕان بە وڵاتانی تردا بۆ زياد كردنی زانستی فيقه و حەديسی پێغەمبەر (ﷺ) هەتا گەيشتە ئاستێك بووە يەكێك لەزانا ناسراوەكانی ئومەتی ئيسلامی .

# مامۆستاكانی ئيمام ابن ماجەو گەشتەكانی

هەروەكو سونەتی قوتابيانی زانستی لەهەموو سەردەمێكدا كە وڵاتی خۆيان بەجێ هێڵاوە بەدوای زانست و عيلم دا گەڕان . إبن ماجەش وڵاتی خۆی بەجێ هێڵاوە ووڵاتان گەڕاوە لە زانايانەوە فێر بووە . دواتر گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی (قەزوين) و نيشتەجێ بووە لەو ووڵاتانەی كە إبن ماجە گەڕاوە:-
(خوراسان – حيجاز – شام – مصر – عێراق .... هتد) .

وە لەميانەی گەشتەکانيدا گەشتۆتە خزمەتی چەندين زاناو عالم ی ناودار و لێوەيان فێر بووە و بەشداری کۆڕو کۆبونەوەکانيانی کردووە لەوانە :-

١-(علی کوڕی محمدی تەنافسی)،

٢-(ئەبو حوزافەی سەهمی)،

٣-(عبدالسلام کوڕی عاصم)،

٤-(عبدالله ی کوڕی جەمحی)،

٥-(مصعبی کوڕی عبدالله)،

......... و چەندەها زاناو پێشەوای تر .

## قوتابيەکانی ئيمام إبن ماجە

پاش ئەوەی ئيمام إبن ماجە لەبواری زانستی عيلمی فەرموودەدا لەبواری فيقە و مێژو و تەفسيردا سوار چاکی خۆی نيشان داو لەسەر ئاستی ئوممەتی ئيسلامی وەك زانايەکی بەناوبانگ ناسرا لەهەموو لايەکی جيهانی ئيسلاميدا قوتابيان ڕويان کردە مامۆستای پايە بەرز و لەخزمەتی دا بەچۆکەوە دادەنيشتن زۆرن ئەوانەی لەسەر دەستی (إبن ماجە) بونەتە زاناو فێری زانست و فەرموودەيان لێوە ڕيوايەت کردوە لەوانە :-

١-(أبو الطيب البغدادي)،

٢-(محمد بن عيسى الأبهي)،

٣-(على بن إبراهيم القطان)،

٤-(أحمد المدينى)،

............ وچەندەها لەزانايانی تر .

# زانستی ئيمام إبن ماجه

ئيمام ئيبن ماجە وەك هەموو زانايەكی دی لە چەند بوارێكی تايبەتی زۆر سوار چاك بووەو عەرضی خۆی تيا كردووەو نوسينی لەبارەوە نوسيوە وەك :-

١- زانستی فەرموودە : لەبواری حەديسدا زۆر سەركەوتووەو پسپۆڕ بووە بۆيە زياتر وەك فەرموودە زانێك ناسراوە وە لەزاستی حەديسدا شۆڕە سوارانە ئەسپی خۆی تاوداوە . كتێبی (السنن) باشترين بەڵگەيە كە بە يەكێك لە(صحاحی ستە) ناسراوە .

٢-زانستی فيقه : إبن ماجە لە فيقهدا خاوەنی توانايەكی باش بووە بۆيە هەندێكی كەم لەزانايان پێش ئەوەی وەك موحەديس بيناسن وەك فەقيه ناسيويانە .

٣-زانستی تەفسير : لەبواری ڕاڤەی قورئاندا دەستێكی بالای هەبووە تەفسيرێكی نوسيوە بۆيە پێشەوا زەهەبی بە (موفەسير) ناوی دەبات .

٤-زانستی مێژوو : باشترين بەڵگە كتێبێكی گرنگی لە مێژوودا نوسيووە لە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وە تا سەردەمی خۆی ....هتد .

## (السنن)ی ئيبن ماجه

ئيبن ماجە لەسەردەمێكدا دەژيا كە بەچەرخی كۆكردنەوەی فەرموودە شيرينەكانی پێغەمبەر (ﷺ) ناو ئەبرێت بەلام ولاتی قەزوين يەكێك بووە . لەو ولاتانەی كەلەبواری نوسينەوەی فەرمودەدا سست بون و لاواز بون .
خوای گەورە لەولاتی قەزويندا إبن ماجەی تيا هەڵخست كەبووبەهۆی كۆكردنەوەی سونەن لەناوياندا وە بلاويشی كردەوە هەر لەبەر ئەمە ئيبن ماجە چەندين پەڕاوی بەكەڵكی نوسيوە كە بەناوبانگ ترينيان (السنن)ە كە تا ئێستاش و بەدواوە خەڵكی سودی لێ وەرئەگرن .

سونەنی ئيمام ئيبن ماجە پێك هاتووە لە (٣٢) كيتاب و (١٥٠٠) باب و (٤٣٤١) فەرموودە (٣٠٠٢) فەرموودەی تەخريج كراوە وە (١٣٣٩) زيادەيە لەوانەش (٤٢٨) فەرموودەی صحيح إسنادە (١٩٩) فەرمودەی حسن إسنادە (٦١٣) فەرمودەی ضعيف إسنادە (٩٩) فەرموودەی شكی تێدايە يان فەرموودەی منكر يان درۆيە .

## كۆچی دوايی ئيمام ئيبن ماجە

ئيمام إبن ماجە دوای تەمەنێكی پڕ لە بەرەكەتی تەقوا و زوهدو وەرع و خواناسی و خواپەرستیدا لەتەمەنی (٦٤) ساڵيدا لە ساڵی (٢٧٣) ی كۆچی بەرانبەر لەگەڵ ساڵی (٨٨٨) ی زايينی دا لە شاری (قەزوين ) گيانی پاكی دەردەچێت و بەرەو ليقای خوای پەروەردگار دەكەوێتە ڕێ .

(خوای گەورە پاداشتی باتەوە لەجياتی موسڵمانان)

(جزاه الله خيرا وطيب ثراه)

تم بحمد الله

مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە بۆ ماڵپەری ئيمان وەن